هەرێمی کوردستان - عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

سکرتاریەتی ئەنجومەن

إقليم كوردستان - العراق

رئاسة مجلس الوزراء

سكرتارية المجلس

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

No:

Date: ٢٠٢٠/٦/١٨

ژمارە: ٣٧٣٢

بەروار: ٢٨ / ١ / ٢٧٢٠ ی کوردی

جۆزەردان

بۆ/ بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان

بابەت/ بڕیاری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران

هاوپێچ وێنەی بڕیاری کۆبوونەوەی ژمارە (٢٩)ی ئەنجومەنی وەزیران لە رۆژی ٢٠٢٠/٦/٣ بە ژمارە (٦٠) تایبەت بە پەسەندکردنی پێشنیازی یاسای (ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان) و پرۆژە یاسای (لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان) کە وێنەکانیان هاوپێچی ئەم نووسراوەیە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەنێرین بۆتان بە مەبەستی ئاراستەکردنیان بۆ پەرلەمانی کوردستان.

لەگەڵ ڕێزدا.

<u>هاوپێچ:</u>

بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٠) لە ٢٠٢٠/٦/٣ و هاوپێچەکانی:

- پێشنیازی یاسای (ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان).
- پرۆژە یاسای (لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان).

د. ئامانج ڕەحیم

سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران

No:
ژ.:

Date:
ەوت:      /      /      ٢٧ی کوردی

**وێنەیەك بۆ:**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ دیوان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت وەزارەتەکان/ نووسینگەی تایبەتی بەڕێز وەزیر، لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی میدیا و زانیاری، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی ئابووری، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین، لەگەڵ ڕێزدا.
- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت دەستە و فەرمانگە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران/ لەگەڵ بەراییەکان، لەگەڵ ڕێزدا.
- خولاو.

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق
مجلس الوزراء

بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (٦٠) لە ٢٠٢٠/٦/٣

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمووارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٩) لە ٢٠٢٠/٦/٣، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی پێشنیازی یاسای (ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان) و پڕۆژە یاسای (لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان) و ڕەوانەکردنیان بۆ پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی گفتوگۆ و بڕیاردان.

٢. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بۆ ڕەوانەکردنی پێشنیاز و پڕۆژە یاسای ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزير الإقليم لشؤون البرلمان
مكتب وزير

هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان
نووسینگەی وەزیر

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

No:
Date: 2020/6/24

ژمارە: 3878
ڕێکەوت: 2720ی کوردی / / 

## بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عیراق

## ب / پرۆژە یاسا و پێشنیازی یاسا

هـاوپێچ لـەگـەڵ نووسراوەکـەمـاندا بڕیاری ژمارە (٦٠) ی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٣ تایبەت بە پەسەندکردنی پێشنیازی یاسای ( ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان ) و پرۆژە یاسای ( لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان ) کە وێنەکانیان هاوپێچە بۆتان ڕەوانە دەکەین .

لەگەڵ ڕێزدا..

**د. ڤالا فەرید ابراهیم**

**وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەرلەمان**

٢٠٢٠ / /

**وێنەیەك بۆ:**

- **سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.**
- **سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سکرتاریەتی ئەنجومەن بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا .**
- **خولاو.**

# پرۆژە
# یاسای لەئەستۆکردنی فەرمانبەران (تضمين الموظفين)
# لە هەرێمی کوردستان - عێراق

ماددەی (١):

فەرمانبەر یان راسپێردراو بە راژەی گشتی بەهای ئەو زیانانە لەئەستۆ دەگرێت کە بەر گەنجینەی گشتی کەوتووە بەهۆی پشتگوێخستنی یان کەمتەرخەمی یان هەڵەی یان سەرپێچیکردنی بۆ یاسا و بڕیار و پێڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.

ماددەی (٢):

یەکەم- پێویستە وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان پارێزگار یان ئەوەی هەر کامیان بێت رایدەسپێرێت، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبهێنێت لە سەرۆکێك و دوو ئەندام لەو فەرمانبەرانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕیین لەوانەی پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نییە بەو مەرجەی یەکێکیان هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە یاسا.

دووەم- نابێت لیژنەی لێکۆڵینەوە کەسێك یان زیاتر ببێتە ئەندامی لەوانەی هەر پەیوەندییەکی خزمایەتی تا پلەی چوار یان پەیوەندی زاوایەتی هەیە لەگەڵ ئەو فەرمانبەرەی بەلەئەستۆکردن داواکراوە.

سێیەم- دەکرێت زیاتر لە یەك لیژنە پێکبهێنرێت لە ناوەندی وەزارەت یان لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بۆ تێڕوانین لە پرسەکانی لەئەستۆکردن ئەگەر پێویستی هەبێت لەبەر بوونی ژمارەیەك پرس کە پێویست بکەن خێرایی بکرێت لە تەواوکردنی لێکۆڵینەوە لەسەریان.

ماددەی (٣)

ئەو فەرمانگە پەیوەندارەی زیانگەیاندن بە مایەی گشتی تیایدا روویداوە هەڵدەستێت بە پێڕاگەیاندنی وەزارەت یان لایەنی نەبەستراوە بەوەزارەت کە بۆی دەگەڕێتەوە، بە روودانی زیانەکە لە ماوەیەك تێپەڕ نەکات لە (٧) حەوت رۆژ لە رێکەوتی ئاشکرابوونی روودانەکەی.

ماددەی (٤)

یەکەم- لیژنەی لێکۆڵینەوە هەڵدەستێت بە پێڕاگەیاندنی فەرمانبەر یان راسپێردراو بە راژەی گشتی ئەوەی داواکراوە بە لەئەستۆکردن لە رێگەی فەرمانگەکەی بەشێوەی نووسراو بۆ ئەوەی لەبەردەمی ئامادەبێت و وتەکانی بنووسێتەوە دەربارەی ئەوەی خراوەتە پاڵی و گوێبیستنی وتەی گەواهیدەرەکان و چەسپاندنی ئەو پەڕاو و بەڵگەنامە و داتایانەی تێڕوانینیان بۆکراوە لەگەڵ بەڵگەکانیان.

دووەم- لە حاڵەتی پێڕانەگەیاندنی ئەو کەسەی داوکراوە بە لەئەستۆکردن لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونی بەهۆی پچڕانی پەیوەندییەکەی بەو وەزیفەیەی هەیبوو، ئەوا پێڕاگەیاندنی بۆ دەکرێت لە رێگەی بلاوکردنەوەی بۆ یەکجار لە دوو رۆژنامەی رۆژانە یەکێکیان لە هەولێر دەربچێت ئەوەی دیکە لەو پارێزگایەی کە لە یەکێك لە فەرمانگەکانی کاری دەکرد.

سێیەم- پێویستە لەسەر لیژنەی لێکۆڵینەوە رێکارەکانی خۆی بگرێتەبەر وێرای ئامادەنەبوونی ئەو کەسەی داواکراوە بە لەئەستۆکردن دوای پێڕاگەیاندنی دانانی بەوەی پێڕاگەیاندنی بۆکراوە.

ماددەی (٥)

لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆی هەیە پشت ببەستێت بەکەسانی خاوەن شارەزایی وپسپۆڕی بۆ دیارکردنی بەرپرسێتی ئەو کەسەی داواکراوە بە لەئەستۆکردن و مەزەندەکردنی بەهای زیانەکە لە کاتی روودانی و مافی دەنگدانیان نابێت. لەو حاڵەتەی لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆچوونی شارەزایان وەرناگرێت پێویستە هۆکارەکی بنووسێت، و بۆی هەیە شارەزای دیکە جگە لەوان دەستنیشان بکات یان شارەزای دیکەیان بۆ زیاد بکات.

ماددەی (٦)

پێویستە لیژنەی لێکۆڵینەوە بگات بەمانەی خوارەوە:

یەکەم- دیارکردنی ئەو زیانەی بەر مایەی گشتی کەوتووە بەشێوەیەکی وورد و دوور لە نادیاریی.

دووەم- دیارکردنی بەهای زیانەکە بەو نرخەی باوە لە کاتی روودانی.

سێیەم- دیارکردنی گەورەیی ئەو هەڵەی ئەنجامدراوە یان پشتگوێخستنەکە یان کەمتەرخەمییەکە یان سەرپێچییەکە و ئایا بەئەنقەست بووە یان بیٚ ئەنقەست و پەیوەنداری هۆکاریی نێوان ئەو هەڵەی روویداوە و ئەو زیانەی بوویتە دەرئەنجامی.

چوارەم- دیارکردنی رێژەی بەرپرسێتی ئەوانەی بەشداربوون لە ئەنجامدانی زیانەکە چ دەرئەنجامی هەڵەیەکی مرۆیی زیاتر لە یەك کەس یان لایەن بێت یان هۆیەکی ویستراو بێت یان نەویستراو.

ماددەی (٧)

تەنها وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت یان پارێزگار بریارێك دەردەکات لەسەر راسپاردەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی پێکهێنراو بەپێی ئەم یاسایە لە ماوەی (٧) حەوت رۆژ لە رێکەوتی وەرگرتنی راسپاردەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە.

ماددەی (٨)

برە پارەی لەئەستۆکراو بەیەکجار دەدرێت و وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بۆی هەیە بیکاتە قیست بۆ ماوەیەك لە (٥) پێنج ساڵ زیاتر نەبێت بەرامبەر بە کەفالەتێکی کەسێتی گەرەنتیکار یان خانووبەرەیی و لەم حاڵەتەش نیشانەی گلدانەوە بەحوکمی رەهن لەسەر خانووبەرەکە دادەنرێت لە بەرێوەبەرایەتیی تۆمارکردنی خانووبەرەی تایبەتمەند.

ماددەی (٩)

حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان لەسەر کەسی لەئەستۆکراو پیادە دەکرێت لە حاڵەتی پابەند نەبوونی بەدانەوەی بڕە پارەی لەئەستۆکراو یان نەدانی قیستەکان لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی شایستەبوونی و بڕیار بەقستکردنەکەش بەهەڵوەشاوە دادەنرێت و ئەو قیستانەی ماونەتەوە لەئەستۆی بەیەکجاری لێی وەردەگیرێنەوە، و ئەگەر نەکرا بڕە پارەی لەئەستۆکراو بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان وەربگیرێت، ئەوا مووچەی کەسی لەئەستۆکراو گلدەدرێت (حجز) بەپێی حوکمەکانی یاسای جێبەجێکردنی بەرکار، و ئەمەش ڕێگرنابێت لە جێبەجێکردن لەسەر هەر مایەیەکی کە لە داهاتوودا بۆی پەیدا دەبێت.

ماددەی (١٠)

یەکەم- کۆتاییهاتنی ڕاژەی فەرمانبەر یان ئەرکی کەسی ڕاسپێردراو بە ڕاژەی گشتی لەبەر هەر هۆکارێك بێت یان بەهەر شێوەیەك بێت یان گواستنەوەی بۆ هەر وەزیفەیەکی دیکە ڕێگر نابێت وەرگرتنەوەی بڕە پارەی لەئەستۆکراو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

دووەم- لە حاڵەتی مردنی کەسی لەئەستۆکراو بڕە پارەی لەئەستۆکراوەکە دەچێتە ناو میراتەکەی.

ماددەی (١١)

فەرمانبەر یان ڕاسپێردراو بە ڕاژەی گشتی ئەوەی لەئەستۆی کراوە ڕاستەوخۆ مافی دادخوازی (تظلم) هەیە لەسەر بڕیاری لەئەستۆکردنی دەرکراو لە لایەن وەزیری تایبەتمەند یان لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنی یان دانانی بەوەی پێڕاگەیاندنی بۆکراوە، و بۆی هەیە دادخوازییەکەی ڕاستەوخۆ بۆ لایەنی بڕیارەکە یان بەهۆی فەرمانگەکەی یان ئەو لایەنەی لەلای کار دەکات پێشکەش بکات.

ماددەی (١٢)

یەکەم- پێویستە لەسەر وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بڕوانێتە دادخوازییەکە لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی وەزارەت یان سەرۆکایەتی لایەنی پەیوەندار بۆی. لە حاڵەتی بەسەرچوونی ماوەی باسکراو بەبێ تێڕوانین تیایدا ئەوا دادەندرێت دادخوازییەکە ڕەزامەندی لەسەردراوە.

دووەم- کەسی دادخواز بۆی هەیە تانە بدات لە بڕیاری دەرکراو لەلایەن وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت دەربارەی دادخوازییەکە لەبەردەم دادگای کارگێڕی لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنی بە ڕەتکردنەوەی دادخوازییەکەی یان دانانی بەوەی پێڕاگەیاندنی بۆکراوە.

ماددەی (١٣)

یەکەم- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەك وەزیری تایبەتمەند دادەنرێت بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی بەپێی ئەم یاسایە ئەگەر ئەو کەسەی داواکراوە بە لەئەستۆکردن وەزیر بێت یان سەرۆکی لایەنێکی نەبەستراوە بێت بە وەزارەت.

دووەم- ئەو لیژنانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێکهێنراون نابنە جێگرەوە بۆ ئەو لیژنانەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی بەرکار لە هەرێم دەیانگرێتەوە.

سێیەم- لەئەستۆکردنی فەرمانبەر یان ڕاسپێدراو بە ڕاژەی گشتی یان دانەوەی بڕەی پارەی لەئەستۆکراو نابێتە ڕێگر لە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی دەرهەقی بەپێی یاسای ناوبراو یان ڕەوانەکردنی بۆ دادگای تایبەتمەندی سزاکاریی ئەگەر ئەو کردەوەی ئەنجامی داوە بەپێی یاسا سزاکانی بەرکار یان هەر یاسایەکی دیکە تاوان بێت.

ماددەی (١٤)

ئەم یاسایە پیادە دەکرێت لەسەر ئەو پرسانەی بڕیاری لەئەستۆکردنیان بۆ دەرنەچووە.

ماددەی (١٥):

وەزیری دارایی بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

ماددەی (١٦):

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی (١٧):

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

ماددەی (١٨):

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

لە پێناو پارێزگاریکردن لە مایەی گشتی و زیاتر بایەخپێدانی فەرمانبەران و ڕاسپێردراوان بە ڕاژەی گشتی پێیەوە لە ڕێگەی بێباکی نەکردن لەگەڵ حاڵەتەکانی پشتگوێخستن و کەمتەرخەمی یان بەئەنقەست زیان گەیاندن بە مایەی گشتی و سەرپێچیکردنی یاسا و بڕیار و پێڕەو و ڕێنماییەکان بەرکارەکان، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

# مشروع

# قانون تضمين الموظفين في إقليم كوردستان - العراق

المادة (١)

يضمن الموظف أو المكلف بخدمة عامة قيمة الأضرار التي تكبدتها الخزينة العامة بسبب إهماله أو تقصيره أو خطئه أو مخالفته القوانين والقرارات والأنظمة والتعليمات النافدة في إقليم كوردستان.

المادة (٢)

أولاً- على الوزير المختص أو رئيس الجهة غير المرتبطة بوزارة أو المحافظ أو من يخوله أي منهم تشكيل لجنة تحقيقية من رئيس وعضوين من الموظفين من ذوي الخبرة والاختصاص ممن لا تقل درجة أي منهم عن مدير عام على أن يكون أحدهم حاصلاً على شهادة جامعية أولية في القانون.

ثانياً- لا يجوز أن تضم اللجنة التحقيقية بين أعضائها شخصاً أو أكثر يرتبط مع الموظف المطلوب تضمينه بأية صلة قرابة لحد الدرجة الرابعة أو صلة مصاهرة.

ثالثاً- يجوز تشكيل أكثر من لجنة في مركز الوزارة أو الجهة غير المرتبطة بوزارة للنظر في قضايا التضمين إذا اقتضت الضرورة ذلك لوجود عدد من القضايا يوجب إسراع إنجاز التحقيق فيها.

المادة (٣)

على الدائرة المعنية التي حصل فيها الضرر بالمال العام إبلاغ الوزارة أو الجهة غير المرتبطة بوزارة التي تتبعها بحصول الضرر خلال مدة لا تتجاوز (٧) سبعة أيام من تأريخ اكتشاف حصوله.

المادة (٤)

أولاً- تبلغ اللجنة التحقيقية الموظف أو المكلف بالخدمة العامة المطلوب تضمينه عن طريق دائرته تحريرياً للحضور أمامها في الوقت والمكان المعينين في كتاب الاستدعاء وعند حضوره تتولى تثبيت اسمه وعمره ووظيفته وتدوين أقواله عما سند إليه وسماع أقوال الشهود وتثبيت ما إذا اطلعت عليه من أوراق ومستندات وبيانات وأدله.

ثانياً- في حالة عدم تبلغ المطلوب تضمينه لمجهوليه محل إقامته لانقطاع علاقته بالوظيفة التي كان يشغلها فيتم تبليغه عن طريق النشر ولمرة واحدة في صحيفتين يوميتين تصدر إحداها في أربيل والأخرى في المحافظة التي كان يعمل في إحدى دوائرها.

ثالثاً- على اللجنة التحقيقية السير في إجرائها رغم عدم حضور المطالب بالتضمين متى ما تبلغ بالحضور أمامها أو اعتبر مبلغاً.

المادة (٥)

للجنة التحقيقية الاستعانة بذوي الخبرة والاختصاص لتحديد مسؤولية المطالب بالتضمين وتقدير قيمة الضرر في وقت حدوثه ولا يكون لهم حق التصويت. وعلى اللجنة التحقيقية في حالة عدم الأخذ برأي الخبراء فعليها تسبيب ذلك، ولها اختيار خبراء غيرهم أو إضافة آخرين إليهم.

المادة (٦)

على اللجنة التحقيقية التوصل إلى:

أولاً- تحديد الضرر الملحق بالمال العام تحديداً دقيقاً نافياً للجهالة.

ثانياً- تقدير قيمة الضرر بالسعر السائد وقت حدوثه.

ثالثاً- تحديد جسامة الخطأ المرتكب أو إهمال أو التقصير أو المخالفة وما إذا كان عمدياً أو غير عمدي والعلاقة السببية بين الخطأ الواقع والضرر الحادث.

رابعاً- تحديد نسبة مسؤولية المشاركين في إحداث الضرر سواء كان عن خطأ بشري لأكثر من شخص أو جهة أو سبب إرادي أو غير إرادي.

المادة (٧)

يصدر الوزير المختص أو رئيس الجهة غير المرتبطة بوزارة أو المحافظ حصراً قراراً بناءً على توصيات اللجنة التحقيقية المشكلة بموجب هذا القانون خلال (٧) سبعة أيام من تأريخ استلامه توصيات اللجنة التحقيقية.

المادة (٨)

يسدد مبلغ التضمين دفعة واحدة وللوزير المختص أو رئيس الجهة غير المرتبطة بوزارة تقسيطه لمدة لا تزيد على (٥) خمس سنوات لقاء كفالة شخصية ضامنة أو عقارية يتم وضع إشارة الحجز بحكم الرهن على العقار في مديرية التسجيل العقاري المختصة.

المادة (٩)

تسري أحكام قانون تحصيل الديون الحكومية النافذ في إقليم كوردستان في حالة عدم التزامه بتسديد مبلغ التضمين أو الأقساط خلال مدة (٣٠) ثلاثين يوماً من تأريخ استحقاقه ويعد قرار التقسيط ملغياً وتستحق الأقساط المتبقية بذمته دفعة واحدة وإذا تعذر استحصال مبلغ التضمين بموجب قانون تحصيل الديون الحكومية يحجز راتب المضمن وفق أحكام قانون التنفيذ النافذ ولا يمنع ذلك من التنفيذ على أية أموال تظهر له مستقبلاً.

المادة (١٠)

أولاً- لا يمنع انتهاء خدمة الموظف أو مهمة المكلف بخدمة عامة لأي سبب أو شكل كان أو نقلها إلى أي وظيفة أخرى من استيفاء مبلغ التضمين وفق أحكام هذا القانون.

ثانياً- ينتقل مبلغ التضمين في حالة وفاة المضمن إلى تركته.

المادة (١١)

للموظف أو المكلف بالخدمة العامة المضمن حق التظلم مباشرة على قرار التضمين الصادر من الوزير المختص أو رئيس الجهة غير المرتبطة بوزارة خلال مدة (١٥) خمسة عشر يوماً من تبلغه أو اعتباره مبلغاً وله تقديم تظلمه إلى جهة القرار مباشرة أو بواسطة الدائرة أو الجهة التي يعمل فيها.

المادة (١٢)

أولاً- على الوزير أو رئيس الجهة غير المرتبطة بوزارة البت في التظلم خلال (١٥) خمسة عشر يوماً من تأريخ استلام الوزارة أو رئاسة الجهة المعنية له. يعتبر التظلم موافق عليه في حالة مضي المدة المذكورة دون البت فيه.

ثانياً- للمتظلم الطعن في القرار الصادر من الوزير أو رئيس الجهة غير المرتبطة بوزارة بشأن التظلم أمام المحكمة الإدارية خلال مدة (٣٠) ثلاثين يوماً من تأريخ تبليغه أو اعتباره مبلغاً برفض تظلمه.

المادة (١٣)

أولاً- يعد رئيس مجلس الوزراء الوزير المختص لممارسة صلاحياته بموجب هذا القانون إذا كان المطالب بالتضمين وزيراً أو رئيس جهة غير مرتبطة بوزارة.

ثانياً- لا تعتبر اللجان المشكلة بموجب أحكام هذا القانون بديلاً للجان المشمولة بأحكام قانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام النافذ في الإقليم.

ثالثاً- لا يؤدي تضمين الموظف أو المكلف بخدمة عامة أو تسديد مبلغ التضمين دون اتخاذ الإجراءات القانونية بحقه بموجب القانون المذكور أو إحالته إلى المحاكم المختصة جزائياً إذا شكل الفعل المرتكب من قبله جريمة بموجب قانون العقوبات النافذ أو أي قانون آخر.

المادة (١٤)

يسري هذا القانون على القضايا التي لم يصدر فيها قرار بالتضمين.

المادة (١٥)

لوزير المالية إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة (١٦)

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة (١٧)

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

المادة (١٨)

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الأسباب الموجبة

من أجل الحفاظ على المال العام وزيادة حرص الموظفين والمكلفين بالخدمة العامة عليه من خلال عدم التهاون مع حالات الإهمال والتقصير أو التعمد في إلحاق الضرر بالمال العام ومخالفة القوانين والقرارات والأنظمة والتعليمات النافذة، شرع هذا القانون.